# شیكردنەوەی دروستەی ڕستەسازی زمانی كوردی بەپێی تیۆری ئێكس بار

**شادان شوكر سابر[1]، پەخشان فهمی فرحۆ [2]**

[1،2] بەشی كوردی، فەكەڵتیی پەروەردەی ، زانكۆی كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق

**پوختە**

توێژینەوەكە بە ناونیشانی (شیكردنەوەی دروستەی ڕستەسازی زمانی كوردی بەپێی تیۆری ئێكس بار)ە، هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تیۆری ئێكس بار (X-Bar)، كە وەچە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB)یە، بەشێكە لە ڕێزمانی سەراپایی، ئاساییە كە لە زمانی كوردیشدا وەك زمانانی دونیا لە ڕوانگەی ڕێگا جیاوازەكانی شیكردنەوە بنەماكانی ئەم تیۆرە بخرێتە ژێر باس و لێكۆڵینەوە، ئەم تیۆرە تیۆرێكی چالاكە، بابزانین دەتوانێت شیكردنەوە و لێكدانەوەی ورد بۆ وشە و گرێ و ڕستەكانی زمانی كوردیش دەستەبەر بكات. دەمانەوێت لەڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە ئەم بابەتە بخەینەڕو و گونجاوی و نەگونجاوی شیكردنەوەی كەرەستەكانی ڕستەسازی زمانی كوردی لەم ڕووەوە پیشان بدەین، ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی وەسفی شیكاری هەوڵی دەستنیشانكردن و خستنەڕوی ئەم بابەتەی داوە، پشتبەستوو بە هێنانەوە و شیكردنەوەی چەندین نمونە لە جۆری گرێ و جۆری ڕستەكان لە زمانی كوردیدا. گرنگترین ئەنجامەكانی توێژینەوەكە بریتین لە: تیۆری ئێكس بار زمانەكان لە یەكتر نزیك دەكاتەوە، بە پێچەوانەی یاساكانی گرێ پێكهێنان، كە زمانەكانی لە یەكتر دور دەخستەوە، چونكە یاساكانی پێكهێنانی گرێ بۆ هەموو زمانێك نەدەبوو، وەك زمانە مۆرفۆسینتاكسییەكان، چونكە لە یاساكانی گرێ پێكهێناندا پێشگر و پاشگر حیسابی بۆ نەدەكرا، هەروەها پێیانی نەدەگوت كامە سەرەیە، ئایا سەرە لە پێشەوە دێت یان لە دواوە دێت؟. هەروەها لەم توێژینەوەیە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی كە زمانی كوردیش هیچی لە زمانانی دونیا كەمتر نییە و بەڵێ دەتوانرێت سود لەم تیۆرە بۆشیكردنەوەی گرێ و ڕستەكانی وەربگرێت.

**وشە سەرەكییەكان:** تیۆری ئێكس بار، ڕۆنانی تیۆری ئێكس بار، تایبەتمەندییەكانی تیۆری ئێكس بار، گرێی فەرهەنگی، گرێی ئەركی.

## پێشەكی

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە تیۆری ئێكس بار لە دەسەڵات و بەستنەوە (GB)دا، بەشێكە لە ڕێزمانی سەراپایی، ئاساییە كە لە زمانی كوردیشدا لە ڕوانگەی ڕێگا جیاوازەكانی شیكردنەوە بنەماكانی ئەم تیۆرە بخرێتە ژێر باس و لێكۆڵینەوە، ئەم تیۆرە تیۆرێكی چالاكە، بابزانین دەتوانێت شیكردنەوە و لێكدانەوەی ورد بۆ وشە و گرێ و ڕستەكانی زمانی كوردیش دەستەبەر بكات.

### سنور و ڕێبازی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە لە مەودا و چوارچێوەی تیۆری ئێكس بار دایەو لێكۆڵینەوە لە جۆرەكانی گرێی و جۆرەكانی ڕستەی زمانی كوردی دەكات و بەپێی ڕێبازی وەسفی شكاریی لێكدانەوە و شیكردنەوە بۆ ئەم بابەتە دەكات.

### ئامانجی توێژنەوەكە:

ئامانجمان لە توێژینەوەكە ئەوەیە، كە گرێ و ڕستەكانی زمانی كوردی لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە شیبكەینەوەو بنەماكانیان بخەینەڕو، بۆ ئەوەی تا ئەو ڕادەیەی كە دەكرێت ڕێزمانی كوردی لەو چوارچێوە وەسفیە تەقلیدییە دەربكەین و بیخەینە ناو چوارچێوەیەك لە چوارچێوە بڵاوەكانی شیكردنەوە و لێكدانەوەی زمان.

### گرفتی توێژینەوەكە:

ئەم بابەتە كۆمەڵێك لە وشەو زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە لە كاتی وەرگێڕاندا نەبوونی زاراوەی بەرانبەر و پڕ بەپێستی خۆی لە زمانی كوردیدا بۆ زاراوە بیانیەكە كارێكی ئاسان نەبوو توشی گرفتی زمانەوانی دەكردین.

### ناوەرۆكی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەكی لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان پێكهاتووە.

لەبەشی یەكەمدا ئەم بابەتانەمان خستۆتەڕو (تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، تیۆری ئێكس بار، تیۆری ثیتا، تیۆری سنوورداركردن، تیۆری دۆخ، تیۆری دەسەڵات، تیۆری بەستنەوە). لەبەشی دووەمدا (تیۆری ئێكس بار، خاڵە لاوازەكانی یاساكانی پێكهێنانی گرێ، تایبەتمەندییەكانی تیۆری ئێكس بار، ئامانجەكانی تیۆری ئێكس بار، پێكهاتەی تیۆری ئێكس بار، شیكردنەوەی جۆرەكانی گرێ لە زمانی كوردیدا بەپێی تیۆری ئێكس بار، شیكردنەوەی جۆرەكانی ڕستە لە زمانی كوردیدا بەپێی تیۆری ئێكس بار، ڕێگاكانی نواندنی كەرەستەكانی ناو ڕستە لە (GB) خراوەتەڕو. لە

گۆڤاری زانكۆی كۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێككەوتی: وەرگرتن ١٣ كانونی دووەم ٢٠٢٤؛ پەسەندكردن: ١٨ شوبات ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێكخراو: لە ٢٩ تشرینی یەكەم ٢٠٢٤ بڵاوكراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: shadan.shukr@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوكردنەوە © ٢٠٢٤ شادان شوكر سابر، پەخشان فهمی فرحۆ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp175-187


کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## 1. تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە:

تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (Government and binding) دوو تیۆر لەخۆدەگرێت تیۆری دەسەڵات (Government) و تیۆری بەستنەوە (Binding)، کە کورتکراوەنەتەوە بۆ (GB) ئەم تیۆرە بۆ یەکەمجار لای چۆمسکی باسی لێوە کراوە لە پەرتوکی (Lectures on Government and Binding)، کە لە ساڵی (1981) بڵاوکرایەوە، دواتر لە پەرتوکی (knowledge of language) ساڵی (1986) زیاتر ڕونکرایەوە. چۆمسکی پێی وایە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دادەبێت، لە گەورەترین دانەی زمانەوە، کە ڕستەیە بۆ بچوکترین دانە دەست پێبکەین، چونکە ڕستە بەچەقی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دادەنێت (خۆشناو، 2012: 148). تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە لەچەند لقە تیۆرێك پێکدێت کە گرینگترینیان ئەمانەن:

### 1.1 تیۆری ئێکس بار (X-Bar):

**ئێکس بار** پێشکەوتنێکی تری یاساکانی پێکهێنانی ڕستەیە لە پێکهاتە بنچینەیی، بە مەبەستی بەرجەستەکردنی تایبەتمەندی گشتی کەتیگۆرییە لێکسیکییەکان (Lexical Categories). لە زمانی مرۆڤایەتی ئەم بنەما گشتیانە بەشێکن لە ڕێزمانی گشتی (تشومسکی، 1993: 297). ئەم تیۆرە گریمانە دەکات هەموو کەتیگۆرییەکی فەرهەنگی هێمای (X-Bar) یا (س̄) بۆ دادەنێت، پێکدێت لە سەرەیەک (Head) و تەواوکەرێک (Complement)، کە بە دواوەیەتی لەگەڵ دیارکەرێک (Specifier) لە پێشی، سەرە لە هەمان پۆلی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکە دەبێت و کەتیگۆرییەکەش بە ناوی پۆل فەرهەنگیەکە دەکرێت، کە سەرە بەشێکە تیایدا، بۆ نمونە: (کاتیگۆرییە ڕستەسازییەکە بەناوی کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکەوە دەکرێت کە ناوێکە، کەتیگۆری کاری سەرەکەی کارە و کەتیگۆری ئاوەڵناوی سەرەکەی ئاوەڵناوە، ... هتد). دەتوانین (س̄) فراوان بکەین بۆ (س$^{=}$) ئەو کات بەم شێوەی خوارەوە دابەش دەبێت:




دوای ئەمە ڕۆڵی نیوەند (Parameter) دێتە ئاراوە، کە نیوەندی جۆراوجۆری زمانی مرۆڤایەتییە لە یەکێ لە نرخەکانی، سەرەتا نیوەندی سەرە دێت (دزەیی، 2014: 249)، واتە سەرە پێش نیوەند دێت، هەروەک زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، تەنها لەسەر فێرخوازی زمان ئەوە پێویستە نیوەندی گونجاو لەو زمانەی کە فێری دەبێت جێگیر بکات، ئەمەی سەرەوە تایبەت بوو بە بەشی یەکەمی ڕۆڵی (X-Bar) لە دیاریکردنی بنیاتی ناوەوەی یەکە فەرهەنگییەکان، بەشی دووەمی بنیاتی ڕستە تایبەتە بە گرێ ئەرکییەکان (Functional phrase) کە کەتیگۆری فەرهەنگی نین، بەڵکو مۆرفیمی بەندن لە شێوەی دواگر (Affixes) و ئەرکی ڕێزمانیان هەیە وەک نیشاندانی کات و ڕێککەوتن، .... هتد، بە کورتی دەتوانین بڵێین: تیۆری (X-Bar) بۆ بنیاتی ڕستە لە ئاستی قوڵ پەل دەهاوێژێت بۆ ئەوەی هەموو بنیاتی ژێرەوەی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان و ئەرکییەکان بگرێتەوە، لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا تیۆری ئێکس بار بەدرێژی دەخەینەڕو.

### 2.1 تیۆری ثیتا (Θ Thematic Theory):

تیۆری ثیتا یان تەوەرە یان بابەت، تیۆرێکی ترە لە تیۆرەکانی ڕێزمانی گشتی و تایبەتە بە دیاریکردنی شێوەی پەیوەندی نێوان فەرهەنگ و پێکهاتە ڕستەییەکان، فەرهەنگەکان هەر یەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی واتایی و دەنگی و وشەسازی و ڕستەسازین، لە فەرهەنگی وشەدا بۆ هەر دەروازەیەک Entry سێ جۆرە زانیاری لەبەرچاو دەگیرێت:

١- نیشانە ڕێزمانییەکان (Grammatical Marker) بەشە ئاخاوتنەکانی هەر دەروازەیەک دەستنیشان دەکات (چومسکی، 1985: 106)، وەک: {ناو} و {ئاوەڵناو} ، {ئاوەڵکار} و {کار} .... هتد) بۆنمونە: گوڵ {ناو}. لێرەدا {ناو} نیشاندەدات، کە دەروازەی ڕێزمانی (گوڵە).

٢- نیشانە سیمانتیکیەکان (Semantic marker) چەمکە گشتی و هاوبەشەکانی نێوان وشەکان دەستنیشان دەکات، کە سەر بەیەک کێڵگەی واتایین لە ڕێگایانەوە وشەیەک لە وشەیەکی تر جیادەکاتەوە، بۆنمونە لە ڕێگای ئەم نیشانە سیمانتیکیانە دەتوانین چەمکی وشەی هاوبێژی (ژن)، کە دوو واتای هەیە:

(ژن١ Wife ) و (ژن2 Women) دەستنیشان بکەین لە ڕێگای دانانی کەوانەی < >.

ژن١ Wife < + مرۆڤ +هەراش +مێ +مێرد>

ژن٢ Women < +مرۆڤ +هەراش +مێ>

٣- نیشانە جیاکەرەوەکان (Distinguishers) ئەو سیمایانەن، کە جیاوازی وردی نێوان وشەکان دەستنیشان دەکات، لەڕێگای کەوانەی [ ] بۆ نمونە:

ژن١ Wife [+مرۆڤ +هەراش +مێ +مێرد]

ژن٢ Women [+مرۆڤ +هەراش +مێ]

هەریەک لەم سیمایانەی لە پرۆژە سازدان (Projection-priciple)دا بەشێک لە سیماکی خۆی وندەکات (دزەیی، 2014: 251)، پرۆژە سازدان بریتییە لە چۆنییەتی کۆکردنەوەی واتای کەرەستەکان لەگەڵ یەک، کە لە ڕێگای کۆتی هەڵبژاردندا ئەنجام دەدرێت.

یاساکانی لێکدان و کەوتن دوو ڕۆڵ دەگێڕن:

١- جیاکردنەوەی ڕستەی واتادار و ناوێزە.

٢- دەستنیشانکردنی نواندنە واتاییەکانی ڕستە (لاینز، 1987: 174). بەپێی یاساکانی لێکدانی کەرەستەکان و ڕستەی ناوێزەش هیچ خوێندنەوەیەکی نییە (بالمر، 1981: 161). بۆنمونە ڕستەی:

– هەڵبەستەکەم لەبەرکرد. دوو خوێندنەوەی هەیە:

1- هەڵبەستەکەم کردە بەرخۆم.*

2- هەڵبەستەکەم ئەزبەر کرد.

لێرەدا ڕستەی یەکەم واتادار نییە و ناوێزەیە و بەر پرۆژە سازادن دەکەوێت، چونکە هەڵبەست ناکرێتە بەر وەک کراس و چاکەت.

پرۆژە سازدان، یان خوێندنەوە باس لە هەڵبژاردن و چۆنییەتی پێکهێنانی واتای وشەکان لە گرێ و ڕستەدا دەستنیشان دەکات، کە لە ڕێگای شیکردنەوەی درەخت ئاسا دەنوێندرێت. بۆنموونە دەروازەی وشەی (مرد) لە ڕستەی:

– پیاوەکە مرد.

یەک پێداویستی هەیە کە (بکەر)ە و سیمای (+زیندوو) تێدا بێت، بەڵام دەروازەی (کوشت) پێویستی بە دوو کەرەستەی تر هەیە (بکەر) و (بەرکار) وە.ک:

– منالەکە چۆلەکەکەی کوشت.

(کار)ی ڕستەی گوزارە یان پریدیکێیت (Predicate)یان پێیدەگوترێت و پێداویستییەکانی ئەم کارەش پێیان دەگوترێت (Arguments) ئەم بابەتانەش بەپێی کار دەگۆڕێت و ڕۆڵی تەوەرەیی دەبینن، ئەم تیۆرە هەندێك ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەوانەش دیاریکردنی (کارا Agent) و (بەرکار Patient) و (ئامانج Goal) ڕۆڵە تەوەرەییەکان (Θ – Roles) بریتییە لە سیما واتاییەکانی کە دەبێتە لوتکەی ڕستە و کۆتە سەپێنراوەکانی، کە گونجان و نەگونجانی دیاریدەکەن بۆ ڕۆڵی تەوەرەیی پێی دەگوترێت پێوەرە تەوەرەییەکان (Θ-Criterion) ئەم ڕۆڵە تەوەرەییانە تۆڕێک دەنوێنن، کە پێی دەگوترێت (ثیتا گرید) (Θ-Grid)، (دزەیی، 2014: 253). بۆ نمونە تۆڕی تەوەرەیی فرمانی (خوارد) کە فرمانێکی تێپەڕە پێکدێت لە: < ئەنجامدەر، وەرگر> و تۆڕی تەوەرەیی فرمانی (بەخشی) پێکدێت لە: < ئەنجامدەر، وەرگر، ئامانج> کەواتە تۆڕی تەوەرەیی ڕۆڵە واتاییەکان دیاریدەکات، کە پریدیکێتەکان لەناو ئەرگۆمێنتەکان هەڵیدەبژێرێت بۆ بەیەکەوە هاتن، یان بۆ لوتکەی ڕستە، ئەم هەڵبژاردنەش پێی دەگوترێت هەڵبژاردنی واتایی (Semantic Selection) لەپاڵ هەڵبژاردنە واتاییەکە سیمای تر هەیە، کە پۆلی بنایتی ڕستەسازی وشە دیاریدەکات، بۆنمونە کاری (خوێندنەوە) تەواوکەرێک وەردەگرێت، کە بریتییە لە (گ.ن) کە بەم شێوەیە دەنوێندرێت: [ - گ.ن] و فرمانی تێنەپەڕی (کەوت) هیچ تەواوکەرێک وەرناگرێت، ئەم هەڵبژاردنە پێی دەگوترێت هەڵبژاردنی کەتیگۆری ( Category Selection) بەم پێیە سیمای هەڵبژاردنی واتایی و کەتیگۆری فرمانی (کەوت) بریتیە لە: کەوت < ئەنجامدەر >، [-گ.ن] و فرمانی (خوارد) بریتییە لە: < ئەنجامدەر، وەرگر>، [-گ.ن]. گرنگی ئەم تیۆرە لەوەدایە، کە تەواوکەر و تیۆری (X-Bar) بەهەردووکیان لە خزمەت پێکهێنانی ڕستە دان، چونکە تیۆری تەوەرە وشەیەک هەڵدەبژێرێت بۆ سەرە و تیۆری (X-Bar) ئەرکی ڕێکخستنی شێوەی گشتی و بنیاتی لە ئەستۆ دەگرێت و لە هەمان کاتدا وشەی لوتکە سیمای خۆی دەخاتە هەڵبژاردنە واتایی و کەتیگۆرییەکان لە بنیاتی ڕستەکەدا، ئەم دوو تیۆرە ئەوە دابین دەکەن، کە ئەو کەرەستانەی کە پێویست نین و ڕۆڵی تەوەرەییان نییە لە ڕستە دەرنەکەون، چونکە چۆمسکی پێی وایە هەر کەرەستەیەک لە بنیاتی ڕستە دەربکەوێت دەبێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت و ئەم کارەشی ناو ناوە لێکدانەوەی تەواو (Full Interpretation) کە بنەمایەکی گشتی زمانی مرۆڤایەتییە (تشومسکی، 1993: 188).

### 1. 3 تیۆری سنوردارکردن (Bounding Theory):

تیۆری سنوردارکردن چارەسەری سنوری جوڵانەوەی کەرەستەکانی ناو ڕستە دەکات لە بنیاتی ڕستەدا، بە واتایەکی تر گرنگی دەدات بەو گۆرانکاییانەی، کە لە سنوری ڕستەدا ئەنجام دەدرێت لەگەڵ ئەو بنەمایانەی، کە سنوردارکردنەکە دەسەپێنێت، لە هەموو زمانەکانی جیهان کەرەستەکانی ناو ڕستە جۆرە ئازادییەکی سنورداریان هەیە بۆ جوڵانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەم جوڵەیە لە چەند شوێنێک پەیڕەو دەکرێت، واتە ئەم تیۆرە سنور بۆ جوڵەی کەرەستەکان دادەنێت، کە بریتییە لە ژێرەوەی (Subjacency)، کە نابێت هیچ جوڵەیەک لە ستونێک زیاتر ببەزێنێت، ئەم جوڵەیە لەسەرەتای تیۆرەکانی گوێزانەوە ئاماژەی بۆ کراوە و پەیوەندی نێوان ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوەی ڕستەی دەخستەڕو (تشومسکی، 1993: 199)، لەم تیۆرەدا وەک بنەمایەکی گشتی باسی لێوەدەکرێت و هەموو یاساکانی بزاوتن لە یەک یاسادا کۆدەبنەوە لەژێر ناوی (Move A) لێرەدا (A) دانەی ڕستەیي دەگرێتەوە لە هەر پۆلێکدا بێت. ئەم یاسایەش وەکو ئەوانی تر یەکتر تەواو دەکەن.

### 1. 4 تیۆری دۆخ (Case Theory):

تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دیاردەی دۆخ وەرگرتن لەڕێی لێکدانی هەردوو پەیوەندی دەسەڵاتداری (پەیوەندی ڕۆنانی) و ڕۆڵەکانی سیتا (پەیوەندیي واتایي) شیدەکاتەوە. ((پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان ئارگیومێنتەکانی (بکەر و بەرکار) لەگەڵ کاردا لە زمانە جیاوازەکاندا لەڕێی یەکێك لە سیستەمەکانی: ڕێکخەری وشە و دۆخ و ڕێککەوتن لە ئاستی دەرەوەی ڕستە پیشان دەدرێن، کە دۆخ گرنگترینیانە، چونکە چوارڕیانی پێکگەیشتنی سینتاکس و مۆرفۆلۆجی و سیمانتیك و هەندێکجار پراگماتیکیشە))، (حاجی، 2009 :171).

تیرۆی دۆخ گرنگی دەدات بە دۆخی گرێی ناوی، تیۆرێکی لاوەکی تیۆری ڕێزمانی گشتییە، پێکهاتەی سەرەوە پەیوەندی بە تیۆری دۆخەوە هەیە، دۆخ بۆ هەموو گرێیەک دادەنرێت، (تراسک) دەڵێت: مەبەست لە دانانی دۆخ بۆ هەر گرێیەک بۆ جیاکردنەوەی گرێیەکەیە لە ڕستەدا، (ناو) چ لەباری (بکەر) یان (بەرکار) یان (خاوەندارییەتی) یان (تەواوکەر) هیچ ئاماژەیەکی دۆخی پێوە نییە، بەڵکو (بکەر) و (بەرکار) بە شوێن دیاریدەکرێت (تشومسکی، 1993: 34). (تراسک) دەڵێت: دۆخ دوو جۆرە، ئەوەی لەبنجدا دەردەکەوێت دۆخێکی خۆڕسکە و ئەوەی لە ڕوخساردا دەردەکەوێت دۆخێکی پێکهاتەییە، لە زمانی عەرەبیدا دۆخ بە ئاسانی دەردەکەوێت و بە سانایی دەتوانین (فاعل و مفعول بە و اسم مجرور) لەیەک جیابکەینەوە، دیسان لە بنیاتی (دیار و نادیار) ناتواندرێت بکەری لۆجیکی و بکەری ڕێزمانی لەیەک جیابکەینەوە، چونکە هەمان فۆڕم و هەمان شوێنیان هەیە (ناوخۆش، 2008: 115). دۆخ لە زمانەکانی جیهان جیاوازن، بۆنمونە لە هەندێك زمانەکان بنیاتی وشەسازی بەستراوەتەوە بە پەیوەندی ڕێزمانی لەناو ڕستەدا وەک زمانەکانی: عەرەبی، لاتینی، پۆلەندی، ئەڵمانی، ڕوسی، ئاری، فلەندی، هەنگاری، ... هتد. بۆنمونە لە زمانی عەرەبی بە ڕونی (فەتحە و زەمە و کەسرە) ڕۆڵی دۆخ دەبینن، زمانی تر هەن ئەم پەیوەندییە بە ڕونی دەرناکەوێت لە زمانی ئینگلیزیدا هەندێکجار بە ڕونی دەردەکەوێت وەک گۆڕینی (I) ی بکەر بۆ (Me) لە دۆخی بەرکاردا بۆ (My) لە دۆخی خستنەسەری ناوێک (دزەیي، 2013: 255).

کەواتە دۆخ ڕێسایەکی جیهانییە، ئاماژە بۆ فۆرمە جیاوازەکانی فرێزی ناویی لە سینتاکسدا دەکات و پەیوەستە بە پێکهاتەی قوڵ و ڕوکەشەوە، ((ڕۆڵە بابەتانەکان بە دۆخی زگماکی ناودەبرێن و لە پێکهاتەی قوڵدا دیاریدەکرێت. هەرچی دۆخی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp175-187

پێكهاتەییشە لە پێكهاتەی ڕوكەشدا بە گرێیە ناوییەكان دەبەخشرێت))، (حەمەصالح و خۆشناو، 2032: 132).

### 1. 5 تیۆری دەسەڵات (Government Theory):


دەسەڵات بریتییە لە نزیكترین پەیوەندی حوكمی پێكهاتەیەك، كە دوومەرجی پێوستە، یەكێكیان ئەوەیە، كە حوكمكار دەبێت سەرەبێت و ئەوی تریان شوێنكەوتووە، كە تەنیا شوێنی گرێی ناوی دەتوانێت دەسەڵات بگرێتە خۆی. واتە دەسەڵات پەیوەندییەكی پێكهاتەیی تایبەتە، لەوانەیە لەنێوان دوو گرێی هێلكارییەكی درەختیدا بێت، دەسەڵاتداری دوو پەیوەندی دەنوێنێت، پەیوەندییەكی ستونی كە دەسەڵاتگیری دانەیەكی سەرەوەیە بەسەر دانەیەكی ژێرەوە، هەرچی پەیوەندی دووەمە پەیوەندی نزیكایەتییە لەنێوان كەرەستەكانی ڕستەدا، ساڵی ١٩٨٦ (چۆمسكی) پێناسەیەكی تری بۆ دەسەڵات كرد لەسەر بنەمای بیركاری كە بریتییە لە:

١- گرێی (a) دەسەڵاتی بەسەر گرێی (b) دەبێت، ئەگەر پێكهاتەی سەرەكی (a) دەسەڵاتی بەسەر (b) دا هەبێت.

٢- هیچ دەرهاتەیەكی سەرەكی لەنێوان (a) و (b) دا نییە.

٣- (b) سەرەیە. (ڕەسول، 2014: 54).

چۆمسكی و لایەنگرانی، بیرۆكەی چەمكی دەسەڵاتداریان داهێنا، كە بنەمایەكی سەرەكی هەیە ئەویش دەسەڵاتداری پۆلە (Constitute Command) وەك دەسەڵاتی كار بەسەر گرێی ناوی و دەسەڵاتی ئامرازی پەیوەندی بەسەر گرێی ناوی لە گرێی بەندا، لێرەدا دەتوانین بڵێین گرێی ناوی دەسەڵاتی بەسەر گرێی كاری و هەرشتێك كە لەژێر دەسەڵاتیدا بێت و گرێی كاریش دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەو ڕەگەزانە هەیە، كە دەكەونە ژێر ركێفی، وەك:




لەم ڕستەیەی سەرەوەدا (كوڕەكە) دەسەڵاتی بەسەر (یارییەكەی بردەوە) هەیە و كاری (بردەوە) دەسەڵاتی بەسەر (یارییەكە)دا هەیە. سەرەڕای ئەمانەش دەسەڵاتی پۆلی دەتوانێت جۆری پەیوەندی نێوان پێكهاتەكانی ناو ڕستە (ناو، كار) و سنوری هاتن و نەهاتنیان لە ڕستەدا دیاری بكات، وەك:

– ئەو خەونێكی لە بارەی خۆیەوە بینی.

جێناوی خۆیی لەم ڕستەیەدا ئاماژە بۆ (ئەو) دەكات، نەك كەسی تر سەرەڕای ئەمە سنوری هاتن و نەهاتنی (ئەو) و (خۆی) دەردەخات و نایەڵێت پاش و پێش بكرێت، وەك:

– خۆیەوە خەونێكی لەبارەی ئەو بینی*؟

هەروەها دەسەڵاتی پۆلی جۆری پەیوەندی و هاتن و نەهاتن لەنێوان جێناوی بكەر و جێناوی هاوبەش دەخاتەڕو (دزەیی،2014: 258)، وەك:


– ئەوان بیروڕایان لەگەڵ یەكتر گۆڕییەوە.

– لەگەڵ یەكتر بیروڕایان ئەوان گۆڕیەوە*

لەم جۆرە بارانەدا دەردەكەوێت، كە جێناوی بكەری دەسەڵاتی بەسەر جۆرەكانی تری جێناو هەیە.

### 6. 1 تیۆری بەستنەوە (Binding Theory):

تیۆری بەستنەوە لقە تیۆرێكی حوكمكردن و بەستنەوەیە و یەكێكە لە بونیادە گرنگەكانی سیستەمەكە. لە ڕستەدا، كەرەستە پێكهێنەرەكان لە پەیوەندییەكی ئاسۆیدان لەگەڵ یەكتر و بەیەك بەستراونەتەوە (محەمەد، 2009: 215)، ئەم تیۆرە لە دابەشبوونی گرێیەكان لەناو ڕستەدا دەدوێت و بڕیار لەسەر ئەو شوێنانە دەدات، كە گرێییەكان پێویستە لەگەڵ گرێی هاوسەرچاوە (Reference) بن، بەتایبەتی سەرچاوەی هاوبەشی نێوان دوو كەرەستە، هەروەها گرنگی دەدات بە دەورروبەری ڕێزمانی كە بڕیار لەسەر ئەم هاوبەشییە دەدات، هاوسەرچاوەیی دوو پێكهاتە پێی دەگوترێت Binding (تشومسكی، 1993: 305)، ناو و جێناو لە هەندێك باردا ئاماژە بۆ هەمان كەس یان هەمان شت دەكەن، تیۆری بەستنەوەی دروست لە هەر بارێكدا بێت (بەركار) یا (خۆیی) دەبێت بۆ ناوی یەكەم یا جێناوی یەكەم بگەڕێتەوە، وەك:




چۆمسكی دەڵێت تیۆری بەستنەوەی لێكۆڵینەوە لە بەستنەوەی گرێی ناوییەكان لەنێوان خۆیاندا دەكات و هەندێ ئەدگاری سیمانتیكیان هەیە، وەك جێگیربوون لەسەر سەرچاوە، ئەم جۆرە پەیوەندییەش لەنێوان جێناو و سەرەكەیدا هەیە. تیۆری بەستنەوە سێ بنەمای هەیە، كە بریتیین لە:

أ- دەربڕینە ئاماژەییەكان (Referring Expressions):

سەرچاوەی هەر ناوێك دەگەڕێتەوە بۆ كەسێك یان شتێك كە لە جیهانی دەرەوەدا دێت.

ب- جێناوییەكان (Pronominal):

سەربەخۆیە تەنها لە كەتیگۆری ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەم بارەدا ئەو جێناوەی بەركار دەنوێنێت، هیچ پەیوەندییەكی بە ناوی پێشوو سەرە (Head)ەوە لە سنوری ڕستەی سادەدا نییە ، وەك:

– ئازاد ئەوی بینی.

جێناوی (ئەو) ئاماژە نییە بۆ (ئازاد)، چونکە جێناوی (ئەو) سەربەخۆیە لەو شوێنەی لێی هاتووە.

ج- ئەنافۆڕ (Anaphors):

ئەنافۆڕ دەبێتە دوو بەش:

ـ خۆیی (Reflexives)

ـ هاوبەش (Reciprocals)

هەر دوو جۆرەکەی ئاماژە بۆ جێناوی پێشوو دەکەن، وەک:


– کچەکە خۆی کوشت. جێناوی خۆیی ئاماژە بۆ کچەکە دەکات.

– ئەوان یەکتر دەبینن. جێناوی هاوبەشی (یەکتر) دەگەڕێتەوە بۆ (ئەوان)، (محەمەد، 2009: 212).

چۆمسکی جەخت لەسەر دوو تایبەتمەندی دەکاتەوە:

یەکەمیان: دەبێت جێناوەکان لەیەک ڕستە یان بەشی ڕستەدا بن بۆ ئەوەی هاوسەرچاوەییەکە ڕونتر و ئاشکراتر بێت.

دووەمیان: لە هەردوو بارەکەدا دەردەکەوێت، کە جێناوی پێشوو یان ناوی سەرە (Antecedent) دەسەڵاتی پۆلی (C-Command) بەسەر هەردوو جۆری جێناوەکەدا هەیە، بەم جۆرە ئەم بنەمایە لە دیدی تیۆری بەستنەوە ئاوای لێدێت: (أ)، (ب) دەبەستێتەوە ئەگەر (أ) دەسەڵاتی پۆلی بەسەر (ب) هەبێت و (أ، ب) هەمان سەرچاوەیان هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە ناتواندرێت جێگۆڕکێ لەنێوان هەردوو جێناوی خۆیی و هاوبەش بکرێت، چونکە بابەتی ناڕێزمانی لێدەکەوێتەوە. دەتوانین پوختەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە لەم هێلکارییەدا بخەینەڕو:




## 2. شیکردنەوەی دروستەی ڕستەسازی زمانی کوردی بەپێی تیۆری ئێکس بار

### 2. 1 تیۆری ئێکس بار (X-Bar Theory)

ئەم تیۆرە، پێڕەوی ڕێزمانیی دروستەی فرێزە، لەلایەن (چۆمسکی و جاکندۆڤەوە) لە ساڵی (1970)دا و (بریسنان)ەوە لە ساڵی (1973)دا خراوەتەڕو، دواتر بە درێژایی قۆناغەکانی (GB) گەشەی سەندوە (Matthews, 2007:439). ئەم تیۆرە سیستەمێکی ڕێزمانییە لە میبانەی زمانەوانی بەرهەمهێنانی نوێدا گەشەی کردووە، دەتوانین بڵێین، وەک شوێنگرەوەی پێکهاتەی گرێیە لە لێکدانەوەی کۆنەکان هاتەکایەوە. ئەم سیستەمە ڕێزمانییە کۆمەڵێ میکانیزمی یەک لە دوای یەک دەگرێتەوە، ناونیشنی تیۆرەکە و کەرەستە بەکارهاتووەکانی گەلێ هێمای تایبەتی هەڵگرتووە.

ئەم کۆمەڵە یاسایانەی کە لە ڕێزمانی ڕۆنانی گرێدا ڕێگایان پێدەدرا زۆر بەربڵاو و فراوان بوون. واتە بۆ هەر جۆرە گرێیەك یاسایەک، یان چەند یاسایەکی دەستەبەر دەکرد، ئەمەش وای کرد، کە ببێتە تایبەتیکی گرنگی زمان و نەتوانرێت گشتاندنێکی جوان و ڕێکوپێک بۆ هەر هەموو کاتیگۆرییەکان و لە هەموو زمانەکان لەیەک کاتدا دەربکرێت، بە واتایەکی تر تیۆری ئێکس بار لەبری ئەوەی کە بۆ هەر گرێیەک یاسایەک یان چەند یاسایەکی جیاواز دابڕێژێت بۆ هەر هەموو گرێیەکان یەک یاسای گشتی و هاوبەش و ئاسانکراو دادەڕێژێت (محەمەد، 2009: 152).

### 2. 2 خاڵە لاوازەکانی یاساکانی پێکهێنانی گرێ ئەمانەن:

1- بەپێی ئەم یاسایە پێکهێنانی گرێ نزیکی و دوری زمانەکان، واتە پەیوەندی زمانەکان دەشێوێنێت، چونکە دەبێت هەموو ڕستەیەک بە گرێی ناوی دەست پێبکات، دیارە ئەمە بۆ زمانە هیندۆئەوروپییەکان لەبارە، تا ڕادەیەکیش بۆ کوردی دەبێت، بەڵام بۆ هەندێك زمانی وەکو زمانی عەرەبی نابێت.

2- گوێ نادات بەو زمانانەی کە مۆرفۆسینتاکسن، لەنێو زمانەکاندا زۆر زمان هەیە، کە مۆرفۆسینتاکسیە، وەک زمانی کوردی، کە بەهۆی پێشگر و پاشگرەوە (جێناو) کەرەستەی ڕستەکە دەکرێت بە (کار)، واتە ڕستەیەك لە وشەیەك کە کارە جێگای دەگرێتەوە.

بۆ نمونە:

پارەکەم برد. ← بەناو دەستی پێکردووە، بەڵام (پارەکە) بکەر نییە.

↓

بردم Ø

ئەم نمونەیە لەناو یاساکانی گرێ پێکهێناندا جێی نابێتەوە، پاشگر و پێشگر لە یاسای پێکهێنانی گرێدا حیسابی بۆ نەکراوە.

زمانی کوردی لەو زمانانەیە، کە دەتوانرێت بکەر لابرێت، واتە (بکەر پەڕێن) (Pro-drop)ە، بەڵام ئینگلیزی و عەرەبی وانین.

I write. – ناتوانرێت (I)، کە بکەری ڕستەکەیە لابرێت.

زمانی (کوردی و فارسی و تورکی) بکەر پەڕێن (pro – drop)ن. لە زمانی کوردی کەم ڕستە هەیە بەبێ جێناوی لکاو بێ، جێناوە لکاوەکە جێی بکەری جودا دەگرێتەوە.

3- هەندێک یاسای گشتی نیشان نادات، چونکە ئەم یاسایە پێت ناڵێ کامە سەرەیە (Head)ە، واتە کامەیان سەرەی گرێی ناوییە، یان گرێی کارییە. واتە کامیان دەتوانرێت لابرێت، کامیان ناتوانرێت لابرێت، واتە کامیان گرنگە و کامیان گرنگ نییە. گرێی ناوی بەناوی سەرەوە (واتە ناو) ناونراوە، بۆیە ناتوانرێت لابرێت (واتە سەرە لانابرێت)، (قادر، 2009، 23 ـ29).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp175-187

ژوورەکە زۆر گەرم ە.
ڕادە ڕادە سەرە
دەتوانین بڵێین ژوورەکە گەرمە.
بەڵام ناتوانین (گەرم) لابەین، چونکە سەرەیە.

4- یەک قاڵب، یەک بۆتە بۆ هەموو گرێیەکان دانەنراوە. قاڵبەکان جیاجیان، بۆنمونە گرێی کاری سەرەیە، نازانین کارەکە لە پێشەوەیە، یان لە دواوەیە، نازانین کارەکە چ جۆرێکە.

ئەم ڕاستیانە هیچیان لە یاساکانی پێکهێنانی گرێدا نین، یان ڕەچاو نەکراون، لەبەر ئەم کەموکوڕیانە لە مۆدێلە نوێیەکانی زمانەوانی وازی لێهێنراوە، یان زۆر کەم بەکاردەهێندرێت. پاش ئەمە پەیڕەوی ($\bar{x}$) یان (توان یەک) یان (س یەک) داهێنرا، چونکە یاسایەکی یەکگرتوومان دەداتێ، بۆ هەموو گرێیەک لە هەر زمانێک بێت یەک بینای هەیە، Maximal Projection $\bar{X}$ X لە هەندێک کتێب (XP)ی بۆ دانراوە.

**ئێکس (x):** وەك هێمایەکی بیرکاری نەزانراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بەهای خۆی هەیە، گۆڕاوە لەبری (س، ص) بەکاردێت، هەر وەک چۆن (x) لە بیرکاریدا بەهایەکی هەیە، بەهەمان شێوە لە زمانیش بەهایەکی زمانی هەیە، بەهای ئاستەکەی خۆی لەبری یەکێك لە کاتیگۆرییەکان بەکاردێت.

**بار:** بەشێوەی کۆما (فاریزە) یان بەشێوەی تەقەڵێك واتە پارچە ڕاستەهێڵێکی بچووک (-)، یان وەکو (ژمارە) لەلای ڕاست یان سەرەوەی (x)ەوە دادەندرێت، بەم شێوەیە: X' $\bar{x}$ x1 کە هەموویان یەک بەهایان هەیە.

ژمارەی بارەکان بەم سێ شێوەیەی خوارەوە دەنوسرێن:

X, X”, X’

X, X=, $\bar{X}$

$X^0, X^2, X^1$

ئەم جۆرانەی بار سێ ئاستی جیاواز دەنوێنێت بەم شێوەیە:

Minimal Projection → X بێبار

Intermediate Projection → X- تاکبار

Maximal Projection → X= جوتبار

(سەرچاوەی پێشو: 29).

### 2. 3 تایبەتمەندییەکانی تیۆری ئێکس بار:

تیۆری ئێکس بار، چەند تایبەتمەندیەکی هەیە، لەوانە:

1- بەپێی تیۆری ئێکس بار، هیچ گرێیەک بێ سەرە دروست نابێت و شوێنکەوتووەکان لە پێشەوە یان لە دوای سەرەوە دێن. واتە هەموو گرێیەک سەرە یان ناوکی تێدایە، بەڵام هەموو گرێکان وەکو یەک دەور نابینن (محەمەد، 2009: 152)، بۆنمونە:

چونەوە (گرێی کاریە) چون سەرەیە لەناو گرێیەکە.
پیاوەکان (گرێی ناویە) پیاو سەرەیە لەناو گرێیەکە.
تا ئێوارە (گرێی بەند) تا سەرەیە لەناو گرێیەکە.
زۆر جوان (گرێی ئاوەڵناوی) جوان سەرەیە لەناو گرێیەکە.

2- یاساکانی ئێکس بار هەوڵی ئەوە دەدەن، کە هەموو گرێکان یەک ڕۆنانیان هەبێت، لەجیاتی ئەوەی هەر گرێیەک ڕۆنانێکی تایبەتی خۆی هەبێت.

3- گرێیەکە بەناوی سەرەکەوەیە، واتە سەرەی گرێیەکە جۆری گرێیەکە دیاری دەکات، بۆنمونە: گرێی کاری دەبێت کارێکی تێدابێت و دەبێتە سەرەی گرێیەکە، بۆیە پێی دەگوترێت گرێی کاری، هەروەها گرێی بەند پێوستە سەرەکەی ئامرازی بەند بێت.

4- جگە لە سەرە و تەواوکەر و دیارخەر، هەندێکجار سەرباریش دەکەوێتە ناو یەک گرێوە.

5- تیۆری ئێکس بار کۆن و نوێ لێکجیادەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی لە نوێدا زیاتر لە دوو ئاست دانی پێدادەندرێت، بەڵام لە کۆندا ئاستی وشە و ئاستی گرێ جیادەکرانەوە، ئەو ئاستەی کە لەنێوان وشە و گرێدایە بەئاستی نێوان ناو دەبرێت، کە بە فتحە یان توان دەردەکەون، ژمارەیان بەپێی مۆرفیمەکان و پێویستی ئەوەندە دوبارە دەبنەوە.

6- بەپێی ئەم تیۆرە (ئاستە ناوەندەکان تایبەتی گرنگی زمانی مرۆڤ پیشاندەدات، کە دیاردەیەک هەیە پێی دەگوترێت دوبارەبوونەوە، دەچێتە ناو ڕستەیەکی تر خۆی دوبارە دەکاتەوە.
(محەمەد، 2009: 152)

– شەیدا دەڵێت خوشکەکەی دەڵێت مۆبایلەکەی دزراوە.

### 2. 4 ئامانجەکانی تیۆری ئێکس بار


ئەم تیۆرە چەند ئامانجێکی هەیە، ئەمانەن:

1- ئاسانکردنی گشتاندنی پۆلە ئاخاوتنییەکانە لە ڕێگای یەکترپڕین و هاوبەشی کردنیان، هەروەها ئاسانترکردنی ڕۆنانی گرێیە لەڕێی سنورداركردنی یاساکانی پێکهێنانی گرێدا، بەوەی کە هەموو جۆرەکانی گرێ (گرێی ناوی، گرێی کاری، گرێی ئاوەڵناوی، گرێی بەند، ...هتد)دا پۆلی سەرەی گرێ، هەمان پۆلە گرێیەکە بێت.

2- ئامانجی دەستنیشانکردنی سیستەمێکی زنجیرەیی پلەداری شێوە هەرەمییە بۆ ڕۆنانی گرێ، کە تێیدا نزیکی و دوری، کەرەستە بە ئارەزوییەکان لە وشەی سەرە دیاری بکرێت، واتە ڕونکردنەوەی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ڕۆنانی گرێیە، کە ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە ناوەڕاستی هەر دوو ئاستی هەموو گرێیەک (حاجی، 2009: 53).

### 2. 5 پێکهاتەی تیۆری ئێکس بار:

دەشێ چۆنیەتی دەرکەوتنی هەر یەک لە کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕۆنانی گرێ، لەم هێلکاری درەخت ئاسایەدا بخەینەڕو.



لەم هێلکاریەدا، جێی ئاماژە بۆ کردنە، کە
- کەرەستە فەرهەنگییەکان لە دارشتنی سینتاکسی و بەرهەمهێنانی پرۆژەی ناوەندیی و ($X^-$) پرۆژە سازدانی ئاستی بار و پرۆژە مەزن (XP) دا بەشداری دەکەن، بەمەش بونیاتنانی پرۆژەی سینتاکسی، لە (X)هوە بەرەو ($X^-$) دەستپێدەکات و دواتریش بەرەو (XP) هەنگاو دەنێت (سەعید، 2019 :41).

- تەواوکەرەکان لە یەکەم ئاستی بار و سپێسیفایەر لە دووەم ئاستی بار دەردەکەون.
- سەرە هەمیشە لەگەڵ یەکێك لە دراوسێکانی دەردەکەوێت.
- وشەی سەرە دەکەوێتە خوار ئەو ئاستەی کە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەسەریدا هەیە.
- تەنها جێکەوتەی مەزن، دەشێ وەک وشەی بێ سەرە لەگەڵ گرێیەکدا دەرکەوێت.
- لە هەر گرێیەکدا بەتەنها یەک سەرە هەیە، بەڵام دەکرێت دوو تەواوکار هەبێت، وەك:
— من تۆم بەپیاو دانابوو.
- **Xp:** بەرانبەر بە گرێ ڕادەوەستێت. دەستنیشانکردنی ڕۆناتێک بە گرێ ڕادەوەستێتە سەر هەبوونی وشەیەکی خاوەن ئەرکی ڕێزمانی لەو ڕۆنانەدا.
- **x:** بەرانبەر بە هەر یەک لە: (ناو، کار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ئامراز) ڕادەوەستێت، کە دەبنە سەرەی گرێیەکە، سەرە لە هەموو گرێیەکدا هەیە، سەرە دەسەڵاتی بەسەر هەموو کەرەستە شوێنکەوتووەکانیدا هەیە و لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ شوێنکەوتووەکانی خۆی ڕێکدەکەوێت.
- **سپێک:** ئەو گرێیەیە کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی جێکەوتەی مەزنەوە، سپێک دەتوانێت ڕۆڵی بکەر لە گرێی کاری وەربگرێت، ئەمە خاڵی جیاکردنەوەی سپێکە لە تەواوکەر، سپێکەکان لەڕوی شوێنی دەرکەوتنیان پێش پۆلە فەرهەنگیەکە دەکەون بە پێچەوانەی تەواوکارەکانەوە، لە زمانی کوردیدا دەکرێ سێ سپێک پێکەوە بێن، بۆنمونە:
- هەر ئەو دوو خوێندکارە هاتوون.
- **تەواوکەر (Complement):** دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی جێکەوتەی ناوەند، واتە بە ناڕاستەوخۆی دەکەوێتە ژێر (Xp)، ((ئەو گرێیەیە، کە کەتیگۆری لێکسیکی هەڵیدەبژێرێت))، (قادر، 2009: 34). تەواوکەر بەرانبەر چەمکی بەرکاری ڕێزمانی دێرینە. وەرگرتن و وەرنەگرتنی تەواوکەریش دەگرێتەوە بۆ سیمای ژێر پۆلینکراوەکانی کارێک کە لە فەرهەنگدا دەستنیشان دەکرێت، هەندێك کار ناتوانی تەواوکەر وەرگرێت، وەک (هاتن). هەندێك کاری تریش تەواوکەر وەردەگرن وەک (نوسین).
- **سەربار:** دەشێت سەربار لە دوو شوێندا بێت پێش سەرە و پاش سەرە.

تیۆری ئێکس بار لەجیاتی درەختی نواندن، دەکرێت بەم سێ یاسایەی خوارەوە دەربڕدرێت:

XP → $X^-$ Spec

$X^-$ → (سەربار) $X^-$


$X^-$ → X تەواوکەر

(قادر، 2011، 50).

- **جێکەوتە (Projection):** مەبەست لە جێکەوتە کەرەستەیەکە فراوانکراوی وشەی سەرەیە، بۆنمونە، لە گرێی ناوی بەم شێوەیە دەبێت گرێی ناوی (NP) جێکەوتەی مەزنی سەرەی کاریی (N)یە بەمەش گرێیەکە، کەرەستەی (N) دیسانەوە جێکەوتەی سەرەی (N)ە، بەڵام لە ئاستێکی تردا، کە ئاستی ناوەندی پێدەڵێن، لەم ئاستەدا ناوەندە واتای گرێیەکە دەخاتەرو.

## 2. 6 شیکردنەوەی جۆرەکانی گرێ لە زمانی کوردیدا بەپێی تیۆری ئێکس بار

چۆمسکی لە تیۆری ئێکس بارڕدا دوو جۆر گرێ دیاریدەکات:
1- گرێی فەرهەنگی (لیکسیکی).
2- گرێی نافەرهەنگی (ئەرکی).
**گرێی فەرهەنگی:** بریتین لەو گرێیانەی کە بەناوی سەرەکانیەوە ناویان دەنرێن، وەك: (گرێی ناوی، گرێی کاری، گرێی ئاوەڵناوی، گرێی بەند).
١- گرێی ناوی (NP):
کورترین گرێی ناوی لە زمانی کوردیدا وەکو تاکە ناوێک دەردەکەوێت، بەڵام لەو قالب و شێوەیەدا نامینێتەوە، بەڵکو فراوان دەکرێت و گەلێك فۆرمی تر وەردەگرێت، واتە گرێی ناوی لەسەرەیەک کە (ناو)ە و چەند دیارخەرێک پێکدێت، دەیارخەرەکان دەکرێت یەکێک لەمانە: (ناوێکی تر، ڕادە، ژمارە، ئامرازی نیشانە، ئاوەڵناو، جێناو) بێت، دیارخەر شوێنی سپێک دەگرێتەوە.
ـ تەنها دوو منداڵ





پێویستە ئاگاداری ئەوە بین، لە کاتی هاتنی ئامرازی نیشانە، یان گرێی دیارخەر گرفتی فرەسەرەیی دێتە ئاراوە، بۆیە ئەو کاتە (ناو) نابێتە سەرە، بەڵکو (ی) خستنەپاڵ دەبێتە سەرە و بە (DP) شیدەکرێتەوە، واتە وەك گرێی بەند شیدەکرێتەوە، چونکە ئەو کەرەستە سینتاکسیەی کە لەگەڵ سەرەکەدا کۆدەبنەوە دەبنە تەواوکەر نەک سپێک، تیۆری ئێکس بار وای بۆ دەچێت، کە دیارخەر ناتوانێت بەهۆی کەرەستەیەکی ترەوە (دیارخەر) وەسف بکات و دەرخراویش سیمایەکی بەفرێز بوونە، هەروەها لەبەرئەوەی ناو دەشێ وەک دەرخراو دەرکەوێت، بۆیە دەکرێت دیارخەر بەسەرەی گرێیەکە دابنێین نەک ناوەکە. کەواتە لەم تیۆرەدا

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp175-187

هەموو گرێیەکی ناوی گرێی دیارخەر دادەندرێت. واتە تا دوو سەرە لە گرێیەکدا نەبێت، بە (DP) شیدەکرێتەوە، چونکە هەموو (NP)یەك دەكرێت بە (DP) شیبکرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو (ی)یە بە ڕێگای (NP) دەرناچێت، بەڵام لە (DP)دا جێگای ئەو (ی)یە دەگرێتەوە، کە ئەرکێکی سینتاکسی هەیە، لەبەرئەوەی ئەرکەکەی زۆر گرنگە ناتوانین فەرامۆشی بکەین (سەعید، 2019: 59)، وەك:


- چاوی ڕەنو




**2ـ گرێی ئاوەڵناوی:**

ئەرکی سەرکی ئاوەڵناو وەسفکردنی ناوە، لە گرێی ئاوەڵناویدا ئاوەڵناوەکە وەك سەرەی گرێیەکە دەردەکەوێت و دەتوانێت دیارخەر وەربگرێت، کە بەزۆری مۆرفیمەکانی (ڕادە، نیشانەی پلەی بەراورد و باڵایە)، کە شوێنی سپێك دەگرنەوە، (ڕەسول، 2014: 37)، وەك:


– زۆر زۆر جوان




**3- گرێی بەند:**


پێشناوەکان، سەرەی گرێیەکەیە پێکدێنن، پێشناوەکانی زمانی کوردی بریتییە لە (لە، بۆ، بە، تا) هەمیشە لە پێش تەواوکەرەکە دێن، واتە گرێی بەند لە زمانی کوردیدا (سەرە – سەرەتایە). ئەرکی پێشناوەکان ئەوەیە سەرەی ڕێزمانی گرێی دروست دەکەن. پێوستە تێبینی ئەوەش بکرێت، کە لە ڕستەدا لەپاڵ ئەوەی گرێی بەند دەبێتە تەواوکەر بۆ گرێیەکی کرادری، بەڵام خۆشی وەک گرێیەکی سەربەخۆ سەرەی گرێی ڕێزمانی هەیە (کەریم، 2002: 53). جێی باسە ئەمجۆرە گرێیە پاشگرێکی ڕاستەوخۆ وەردەگرێت هاوکاری تەواوکردنی ئەرکە سینتاکسی و سیمانتیکیکەی پێشناوەکەیە، لەبەرئەوەیە کە ئەو پێشناوە بە شێوەی (لە – هوە) دەنوسرێت. جگە لە پاشگری (هوە) لە زمانی کوردیدا پاشگری (دا)ش هەمان ڕۆڵ دەبینێت.

لە سەرەوە





**4- گرێی کاری:**

کار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە ڕودان و کاتی تێدایە. زمانەوانەکان لە ناسینەوەیدا پشت بەتایبەتی و ڕەفتاری کار دەبەستن، بەتایبەتی ڕەفتاری مۆرفۆلۆجی کە ئەویش (کات، ئەسپێکت، کەس، ژمارە) دەگرێتەوە. سادەترین گرێی کاری لەسەرەیەک و مۆرفیمی کات و جێناوی لکاو پێکدێت، وەك: هاتم.




یان، وەك: نەوزاد درەختەکەی بڕی.




لەکاردا ڕەگ هەڵگری چەمکی ڕوداوەکەیە و هەموو مۆرفیمەکانی تر لە دەوری ئەودا کۆدەبنەوە، گیرەکە وشەدارێژراو ڕێزمانییەکان، ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕین و بەخشینی ئەرکەکاندا بەپێی یاسا و ڕێگەپێدانی زمانەکەیە. جۆری کارەکە دەسەڵات بەسەر ئەوەوە دادەگرێت، کەوا لە (NP) لە (VP)یدا سەرپشکی بێت یان فرێزی بەند (pp) تیایدا سەرپشکی بێت، بۆنمونە:

کاری (ڕوخا، ڕوخاند)

أ- ئێمە خانوەکەمان ڕوخا.

ب- ئێمە خانوەکەی خۆمان ڕوخاند.

خانوەکەمان لە ڕستەی (أ)دا بەشێکە لە بکەری ڕستەکە کە ئێمەیە، بۆیە خانوەکەمان دەبێتە بکەر بەهۆی ئەوەی کاری (ڕوخا) تێنەپەرە، بەڵام لە ڕستەی (ب)دا کاری (ڕوخاند) کارێکی تێپەرە و پێویستی بە بەرکارێک هەیە و لە بکەری

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp175-187

دادەبڕێت و ڕۆڵی بەرکاری پێدەدرێت. (قادر، 2011، 49)..

تێپەڕVP ⟶ verb NP

تێنەپەڕ VP ⟶ verb


**گرێە نافەرهەنگییەکان (ئەرکییەکان):**

کەتیگۆرییە ئەرکییەکانیش هەروەك کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان لە سیستەمێکی دوو-باری هاوشێوەدا بەشدار دەبن (Saleemi,1992: 20)، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زمانەوانان نرخێکی تریان دا بە کەرستەی پۆلە ئەرکییەکان، کە ئەوانیش وەکو سەرەی گرێ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە بریتین لە:

١-گرێی گیرەکی (IP):

ئەم گرێیە وەك هەموو گرێیەکی تر پێکدێت لە ڕەگەزێکی گیرەك (Infl) (لێرەدا لە جیاتی گیرەکی ڕێزمانی (Age و T) بەکاردێنین، کە سەرەی ڕستەکە و ڕستەکەش جێکەوتەی مەزنی گیرەکەکەیە، (IP)، بەڵام (VP) تەواوکاری گیرەکەکەو بکەرەکەش دیاریکارەکەیەتی (Specifier)، (ڕەسول، 2014: 47). (IP) بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی هەر ڕستەیەک، واتە دەتوانرێت هەموو جۆرە ڕستەیەك بەهۆی (IP)ەوە شیبکرێتەوە، وەك:

ـ ئەوان هاتن.





**2ـ گرێی دیارخەری (DP):**

لەم جۆرە گرێیەدا دیارخەرەکان دەبنە سەرەی ئەرکیی نەك ناوەکە، ناوەکە دەبێتە تەواوکەری سەرەکە، واتە دیارخەرەکان دەبنە سەرەی گرێیەکە، ((چونکە بەپێی گریمانەی بەربڵاوی تیۆری (GB) ئەو کەتیگۆرییە ئەرکییانەی کە جۆرە بەندێتییەك لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەیەکدا دادەمەزرێنن، وەك مۆرفیمەکانی ناسراوی، نەناسراوی، ژمارە، خاوەندارێتیی، ئاوەڵناوی نیشانە دەبێت سەرەی ئەرکی بن))، (محەمەد، 2009: 154). بۆنمونە لەو کاتانەدا بەکاردێت، کە ئامرازی بەستن هەبێت، لە دروستەی ئەو گرێیانەی، کە تیایدا سەرە پێش تەواوکەر دەکەوێت. لە سەرچاوەکانی زمانی کوردیدا ڕیزبوونی (سەر-تەواوکەر) بە (دیارخەر-دەرخراو) ئاماژەی پێکراوە .بۆ نمونە:

**ـ <u>زانکۆی کۆیە</u>**

سپێك سەر تەواوکەر





لە هەندێك سەرچاوەدا بە (گرێی دیارخەر) دەگوترێت (گرێی داخراو)، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەهەندێك باردا کۆتای ناوەکە نوسەك، وەردەگرێت، کە کۆتای وشەکە دەبەستێت و لۆکی دەکات، ((چونکە نوسەکەکان دەتوانن بەدوای گیرەك دابێن، بەڵام بە پێچەوانەوە گیرەك بەدوای نوسەکدا نایەت))، (برزۆ، 2020: 111) وەك: کوڕەکە

**3-گرێی پارستەیی (CP):**

ئەم جۆرە شیکردنەوە بۆ ڕستەی ئاڵۆز دەبێت، واتە ئەم گرێیە بۆ ئەم جۆرە ڕستانە دەبێت، کە لە پارستە و شارستە پێکهاتوون، بۆ تەنها ئەو جۆرە پارستە دەبێت، کە شوێنی بکەر یان بەرکار دەگرێت ئامرازە گەیەنەرەکە، کە ڕستەی شوێنکەوتە (پارستە) بە ڕستەی سەرەکی (شارستە) دەبەستێتەوە دەبێتە سەرەی ئەرکی، بۆنمونە:

ـ دەزانم، <u>کە ئەو دێت</u>.





**٤-گرێی لێکدان (COP):**

ئەم جۆرەیان بۆ شیکردنەوەی ڕستەی لێکدراو بەکاردێت. لێرەدا ئامرازی لێکدەر دەبێتە سەرەی ئەرکی، بۆنمونە:

ـ ئەوان هاتن، بەڵام دانەنیشتن.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp175-187




**2. 7 شیکردنەوەی جۆرەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا بەپێی تیۆری ئێکس بار:**

**ڕستەی سادە:** ڕستەی سادە بریتییە لە ڕەگی کارێك و پێوستییەکانی، ئەگەر تێنەپەڕ بوو پێوستی بە پڕکردنەوەی یەك بۆشایی هەیە، کە بکەرە، بەڵام ئەگەر تێپەڕ بێت ئەوا پێوستی بە پڕکردنەوەی دوو بۆشایی هەیە، کە بریتیین لە (بکەر و بەکار) (ڕەسوڵ، 2006: 4). بەپێی ئەوەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی سیستەمی سینتاکسی (بکەر+ بەرکار+ کار) (sov) کار دەکات، لەم جۆرە زمانانەدا سەرەی گرێی ناوی و سەرەی گرێی بەند زۆربەی جار سەرە کۆتاین، واتە سەرەکان هەردەم لە کۆتاین، کەچی سپێکەکان سەرە سەرەتان، بە دەستکارییەکی کەم لە گۆڕینی ڕیزبوونی سەرە و تەواوکەر لە یاساکانی ئێکس باردا، لەو زمانانەی (sov)ی ڕێکن یاسای بنچی گرێ پێکهێنان دەبێتە:


ـ دارا نان دەخوات.





(بکەر) لە سەرەتا و لە شوێنی (Spec)دا دەبێت و شوێنی (بەرکار) دەکەوێتە پێش کردارەوە و شوێنی تەواوکەر (complement) دەبێت.

بە گشتی لە زمانی کوردیدا مۆرفیمە گەردانیەکانی ڕێکەوتن و کات نوسەکن و هەمیشە بە ڕەگی کارەوە دەنوسێن و ناکرێت لە یەکتری جیا بکرێنەوە، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی ڕۆنانی کارەکە، تەنانەت هەندێکجار مۆرفیمی کات لەناو ڕەگی کاردا تواوەیەو ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت. واتە ڕستە لە کوردیدا بەهۆی کات و کەسەوە دروست دەبێت. هەر ڕستەیەک دەبێت لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ مۆرفیمە گەردانیەکەی کەس ڕێکبکەوێت، نیشانەی ڕێککەوتن بە کۆتایی کارەکەوە دەنوسێت (محەمەد، 2009: 213). بۆنمونە:

ـ پیاوەکە نانەکەی خوارد.   (تێپەڕ)




ـ ئەحمەد هات.  (تێنەپەڕ)





**ڕستەی ناسادە:** ڕستەی ناسادە بریتین لە ڕستەی لێکدرا و ڕستەی ئاڵۆز، لەڕستەی لێکدراو ئامرازی لێکدەر و لە ڕستەی ئاڵۆز ئامرازی گەیەنەر دەبنە سەرە، واتە لە ڕستە ناسادەکاندا ئامرازی (لێکدەر یا گەیەنەر) بە سەرەی ئەرکی دادەنرێن. لە ڕستەی ئاڵۆزدا ئامرازی گەیەنەر سەرە گرێیەکەیە و گرێیەکی گەردانی وەک تەواوکەر وەردەگرێت، مۆرفیمی گەردانی دەبێتە سەرەی ڕستەی گەردانی و گرێی کاری وەک تەواوکەر وەردەگرێت. بۆیە لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا توانرا هەرەمێکی زنجیرەیی پلەدار بۆ ڕستە دابین بکرێت و دوری و نزیکی کەرەستەکان لەسەر بنەمای ئارگیومێنت بوون و نائارگیمێنت بوون و چۆنیەتی کارکردنیان لەسەر واتای ڕستە ڕونبکرێتەوە (قادر، 2009: 139).

**1ـ ڕستەی لێکدراو:**


بۆ نمونە:

هات و ڕۆیشت. (دوو ڕستە بەیەکەوە بەستراون)




**2 ـ ڕستەی ئاڵۆز**

ـ زانیم، کە دەهاتی بۆ خوێندنگا.





### 2. 8 ڕێگاکانی نواندنی کەرەستەکانی ناو ڕستە لە (GB):


بەهۆی ئەوەی لە ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەدا وشە ڕاستەوخۆ ڕستە پێکناهێنێت لەبەرئەوە لەپاڵ ئەوەی لە یاساکانی گرێ پێکهێنانادا بۆ هەر گرێیەک دارشتنێک دادەنێت و درەختەکانی نواندن هەموو کەرەستەکانی دەرناخەن لە

(GB) ڕێکاکانی نواندنی ڕستەکان بە سێ ڕێگا دەبێت بەم شێوەی خوارەوە:

**1- بە ڕێگەی دایگرامەکان (درەختی نواندنەکان):**




2- دەکرێت لەبری دایگرامەکان یاساکانی گرێ پێکهێنان ($P \ S \ R_S$) یان دارشتنەوەی گرێیەکان بەکاربێنین.




$\bar{X} + Spec \leftarrow XP$

$X + C \leftarrow \bar{X}$

ئاستی تەواوکەر سەرە

ناوەندە دووبارە دەبێتەوە.

**3- ڕێگەی سێیەم بە کەوانە ناونراوەکان (Labelled brackets):**

هەروەها جگە لەم دوو ڕێگەی سەرەوە، دەکرێت بە ڕێگەی کەوانە ناونراوەکان، بەم جۆرەی خوارە بنوێنرێت، بۆ نمونە:

ـ من بەدەست نان دەخۆم.

[S[NP[N[من]][PP[P[**بە**]NP[N[دەست]]][VP[NP[نان.]V[دەخۆم.]]]]

یان

[XP[Spec[من]VP[$\bar{V}$[PP[بەدەست]][$\bar{V}$[NP[نان]V دەخۆم]]]]]

(قادر ، 2012، وانەی ماستەر).

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. زمانی کوردیش وەك هەر زمانێکی دونیا دەتوانێت سود لەم تیۆرە بۆ شیکردنەوەی جۆری گرێ و ڕستەکانی وەربگرێت.

2. مەبەست لە دارشتنی تیۆری ئێکس بار ئەوەیە، کە زمانەکان لەیەکتر نزیك بکاتەوە، بە پێچەوانەی یاساکانی گرێ پێکهێنان، کە زمانەکان لە یەکتر دوردەخستەوە.

3. لەهەموو زمانێك و لە هەموو گرێیەك سەرە هەیە، ئەمە پرەنسیپی گشتییە، بەڵام چونکە سەرە لە هەموو زمانەکان یەك شوێن ناگرێت، ئەمە پارامیتەری (سەرە ـ سەرەتا ) و (سەرە ـ کۆتا )ی لێدەکەوێتەوە.

4. سەرە هەڵگری نیشانەیەکە، کە بۆ هەموو گرێیەکە دەگەڕێتەوە، سەرە دەسەڵاتی بەسەر هەموو کەرەستە شوێنکەوتوەکانی خۆیدا هەیە، هەروەها سەرە لە کەس و ژمارە لەگەڵ شوێنکەوتووەکانی خۆی ڕێکدەکەوێت.

## سەرچاوەکان

برزۆ، ئومێد بەرزان (2020) دروستەی فریز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی جنگل ـ تاران ـ ئێران.

حاجی، ڤیان سلێمان (2009) کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (شێوەزاری کرمانجی سەرو) چاپخانەی حاجی هاشیم، هەولێر.

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (2012) ڕستەسازی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

دزەیی، عبدولواحید موشیر (2013) ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

دزەیی، عبدولواحید موشیر (2014) ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر ، هەولێر.

ڕەسول، عەبدوڵلا حوسێن (2006) پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

ڕەسول، سەڵاح حەویز (2014) پرەنسیپی بە ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا. لە ڕوانگەی دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

حەمە صالح، ڕێزان مەحمود و خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (2023) دۆخی ڕێزمانیی لە زمانی کوردی و عەرەبیدا (توێژینەوەیەکی بەراوردییە)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (3)، ل 108 ـ 135.

سەعید، سازان زاهیر (2019) نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

قادر، سەباح ڕەشید ( 2009 ) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەی GB لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشیم، هەولێر.

قادر، سەباح ڕەشید (2012) وانەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

قادر، تارا موحسین (2011) زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

کریم، دیار علی کەال (2002) ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامە ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

محمد، حاتم ولیا (2009) پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ناوخۆش، سەلام (2008) پوختەیەك دەربارەی زمانناسی ( مێژووی، بنیادگەری، چومسکی)، چاپی

دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

بالمر، أف ار (1981) علم الدلاله، ترجمه، الماشطه، مجيد عبدالحليم، مطبعه العمال المركزيه، بغداد.

تشومسكى، نعوم (1993) المعرفه اللغويه- طبعتها - اصولها - استخدامها، ترجمه وطتبيق و تقديم، محمد فتيح، القاهرة.

جومسكى، نعوم (1985) جوانب من نظريه نحو، ترجمه، باقر، مرتضى جواد، الموصل.

لاينز، جون (1987) اللغه والمعنى والسياق، ترجمه،الوهاب، عباس صادق، بغداد.

Chomsky, noam(1981) Lectures on Government and Binding, Dordrecht, Foris.

Matthews, Peter (2007), Oxford Concise Dictionary of Linguistics, Second Edition, Oxford University Press.

Saleemi, Anjum (1992) Universal Grammar and Language Learnability, First published, Cambridge University Press, Cambridge.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp175-187